# هێندێك لایەنی زمانی
# لەچەند شیعرێکی دیلاندا

د.هۆگر مەحموود فەرەج

**پێشەکی:**

لەم لێکۆڵینەدا، وشەی زمان بەو واتایە دێت کە ڕێزمان و فەرهەنگیش بە جۆرێك لە جۆرەکان، دەگرێتەوە. بێگومان خودی وشە یاخود زاراوەی ڕێزمانیش وەك زاراوەیەکی زانستی زمان، سەرجەم ئاستەکانی زمان دەگرێتەوە، چ دەنگ وەك فۆنەتیك و فۆنۆلۆژی، هەروەها وشەسازی و ڕستەسازی و تەنانەت بە واتاسازی و پراگماتیکیشەوە. لەم ڕووەوە لێکۆڵینەکە بە یەك بەش و لە سێ پاردا، چەند شیعرێکی شاعیر دەخاتە بەر تیژکی زانستی زمان، لە ئاستەکانی دەنگ و ڕێزمان و واتادا، بەتایبەت واتای پراگماتیکی و چەند نموونەیەکیشی سەبارەت بە فەرهەنگی کوردی ی پەتی ی دیلان، لە ڕووانگەی شیعرەکانییەوە دەخرێنە ڕوو. لێکۆڵینەکە تواناو زمانپاراوی و هەستەوەری ی گوێ ی مۆزیکی ی دیلان، لەڕێگەی ئەو بەکارهێنانانەیەوە بۆ وشەو زاراوەو دەستەواژەکان لە چوارچێوەی شیعرەکانیدا، پیشاندەدات، لەو جێگایانەشدا، کە لەنێوان ترپەو زمانی شیعرەکانو نووسینیاندا کەلێنێك هەبێت، جا چ پێویستی ی شیعر خوازتبێتی یاخود بەسەر شاعیردا تێپەڕبووبێت، ئەوا بەپێی توانا فەرامۆش نەکراون. ئەو شیعرانەش کە نموونەیان لێ وەرگیراون، بریتین لە: کوننەپەپووی شەڕ، شەڕو ئاشتی، بۆ باڵدارەکان، کاروان، گەشتێ، شێخ مەحموودی زیندوو، سروودی وڵات.

**پاری یەکەم/**

**شیعرەکان، لە ڕووانگەی ئاستی دەنگسازییەوە:**

پێش هەر شتێك پێویستە ئەوە بڵێین، کە شیعر هەلومەرج و مامەڵەکردنی تایبەت بەخۆی هەیە، هەر لە بەکارهێنانی زمانەوە بگرە تا بە داهێنانیش دەگات. ئەم هەلومەرجە دەستکراوەیی زۆر لە بەکارهێنانی زماندا بە شاعیر دەبەخشێت، ئەمە لەکاتێکدا کە ئەم دەرفەتە نە لە ئاخاوتنی ئاسایی و نە لە ژانرەکانی تری وێژەیشدا، لە ئارادا نییە. جا ئەگەر لە ژانرەکانی تردا نووسەرێك کەمتازۆر بەوشێوەیە مامەڵە لەگەڵ زماندا بکات، ئەوا دەبێتە جێگەی سەرنج و لە هێندێك باردا لە ڕەخنە بەدەر نابێت. خۆئەگەر لە ئاخاوتنی ئاساییدا کەسێك ڕێگە بەخۆی بدات بەو چەشنە زمان بخاتە گەڕ، ئەوا لای گوێگران لێکەوتەی واتایی فرەچەشنی لێدەکەوێتەوە، کە ڕەنگە لە

هێندێکیاندا قسەکەر بە کەسێکی نائاسایی بە واتا نەرێنییەکەی لە قەڵەم بدرێت. دیارە ئەمەش شتێك نییە، کە کەس بیخوازێت. جگە لەوەش زمان خۆی یاساو ڕێسای خۆی هەیەو ئەم یاساو ڕێسایانەش، هەر لادانێك لێیان، کاریگەری ی لە گەیاندنی ئەو مەبەست و خوازتانەدا دەبێت، کە قسەکەر بە نیازی گەیاندنیانە بە گوێگر، بە کەمترین ئەرك و خێراترین کات و بە زۆرترین بڕی بیر، بە ئاساییترین شێوەش، کە ئەمانە لە کارکردنی زمان و لە گەیاندندا بنەمای زانستین و زمانەوانانیش لەمێژە ئەمانەیان دیاریکردووە، بەڵام بۆ شیعرو زمانی شیعر، ئەگەر وەك زمانی ئاخاوتنی ئاسایی بێت ئەودەم لایەنێکی گرنگی بە شیعربوونی وشەو دەربڕراوەکان لەئارادا نامێنێت و بەمەش جوانی ی شیعر خۆی لەناودەچێت.

جا کاتێك دیلان لە شیعری (کوننەپەپووی شەڕ)دا، دەڵێت:

پووچ ترە لە داری گەننەڵ

پیس ترە لە ڕێوی دەغەڵ

ئەوا دەبێت بزانین کە وشەی (گەننەڵ) فۆنەتیکییانەو بەپێی گۆڤەری سلێمانی بەکارهێنراوە، چونکە لەو گۆڤەرەدا دەنگی {د} هەروەها دەنگەکانی {ت} و {هـ}و هێندێکجار {ك}یش، لە هێندێك جێگەی وشەدا، ئەگەر زیان بەواتای وشە نەگەیێنێت، ئەوا دەکەون، یاخود گۆناکرێن. جا وشەی (گەندەڵ) بە کەوتنی دەنگی {د}[1] ئەوا {گەن+ەڵ} دەمێنێتەوە، ئەوجا بە هاتنی بزوێنیش لە سەرەتای بڕگەو وشەوە لە زمانی کوردیدا، گۆکردنی گرانی ی تێدایە، بۆیە لەدووای بڕگەی {گەن}، کە ئیتر دەبێت زمان بۆ دەربڕینی بزوێنەکە ئامادەبێت، ئەم بارە وادەکات کە زمان لەسەر سازگەی دەنگی {ن} کە نەبزوێنەو هەر لەو سازگەیەوە، گۆکردنی بڕگەی دووهەم دەستپێبکات، بەمەش جارێکی دی دەنگی {ن} وەك نەبزوێنی بڕگەی دووهەم سازدەکرێت، بەمە وشەی دووبڕگەیی فۆنەتیکییانەی (گەننەڵ) لەجێگەی (گەندەڵ) هاتووەتە ئاراوە.

هەر لەو شیعرەدا، دەڵێت:

بێ زراوترە لە ژاری ئاڵ

سواوترە لە کۆنە ناڵ

لێرەدا ئەگەر وشەی (بێ زراو)، کە واتای (قێزەون)ی هەیە، کەڵەهێز (Primary Stress)[2]ی وشەکە وەك پێویست ڕەچاونەکرێت، دەشێت پێکهاتە دەنگییەکان واتای وشەکە بگۆڕن، کە لەسەر دەنگی بزوێنی {ا–a}یە، خۆئەگەر وانەبێت، ئەوا مەگەر دەوروبەری زمانی ی وشەکە، دەنا دەنگەکانی {ب} و {ێ}ی وەك پێشپرتکی (بێ) ڕەچاودەکرێت، بەمەش (بێ+زراو) دەگەیێنرێت، کە لەگەڵ واتای دێڕەکەدا یەکناگرێتەوە، بەڵام دەوروبەری زمانی ی دێڕەکە ئەو خوێندنەوەیە ڕەتدەکاتەوە. جگە لەوەش بڕگەکانی وشەکە بە {بێز+راو} بەرجەستە دەبن، نەك بە {بێ+ز+راو}، کە ئەگەر وابێت، ئەوا مەبەستەکە ناگەیێنێت. هەر لەو نیوە دێڕەدا وشەی (ژار) هاتووە، کە لە بنەچەدا (ژەهر)ەو بزوێنی {ە–e} بەهۆی بوونی دەنگی {هـ} لەدووایەوەو بەدووای ئەویشدا بوونی بزرۆکە[3]، کە لەنێوان /هـ/ و /ر/ دایە، جا کاتێك کە دەنگی {هـ} بکەوێت، ئەو دوو بزوێنە، کە بەیەکەوە نایەن، بزوێنی /ا/ لە جێگەیان دێت و کەرەستە دووبڕگەییەکە دەبێت بەیەك، بەمەش

وشەی (ژار) سازبووە، کە لەلایەنی برگەوە لەگەڵ (ی) خستنەسەردا، هەر دوو برگە دەبن، بەڵام بەشێوەی (ژار) لەلایەنی ڕەوتی ئاوازەی نێوەدێڕەکەوە، ڕەوانتر دێتە گوێ.
دوواتر هەر لەو شیعرەدا، دەڵێت:

ڕایفڕان ئاسۆی دەم کەلم

دیسان دەنگی {د}ی وشە پێڕەوبەندەکە، کە (ڕایفڕاند)ە، کەوتووە. جا وشەی دوواتری کە (ئاسۆ)یەو ئەمیش بە (هەمزە) دەستپێدەکات و هەمزەش لە زمانی کوردیدا فۆنیم[٤] نییە، بۆیە دەشێت بکەوێت، بەمەش برگەی یەکەمی وشەکە تەنیا بزوێنەکەی کە {a-ا}یە دەمێنێتەوە، بۆیە لە خوێندنەوەی نیوەدێڕەکەدا، هەڵی ئەوە لە شێوەی فۆنۆتاکتیکیدا[٥] دەڕەخسێت، کە لەجێگەی (هەمزە)کە، دەنگی {ن}ی برگەی پێش خۆی ببات، یاخود لەجێگەی دەنگی (هەمزە) دەنگی {ن}ی بچێتە پێش.
لە دێڕێکی تردا، دەڵێت:

کوننەپەپووی باڵندەی شەڕ
ئێسك قورسی بێ بووم و فەڕ

لێرەشدا دەنگی {د} گۆنەکراوە، بەمەش دەنگی دووای ئەو، کە بزوێنەو گۆکردنی گرانی ی تێدایە، بۆیە دەنگە نەبزوێنەکەی کۆتایی برگەی پێشەوەی بۆخۆی دەبات و لەگەڵیدا برگە سازدەکات، بەڵام بەهۆی ئەوەوە کە بەم شێوەیە (کونەپەپوو) دروستدەبێت، کە ڕاستی ی وشەکەش بە (کون) نییە، (کوندەپەپوو)ە، بۆیە ئەمە وادەکات کە لەجێگەی دەنگی {د}ی کەوتوو، هەر لەو سازگەیەی نەبزوێنی کۆتایی برگەی پێشووەوە، نەبزوێن دەستەبەر بکات، بەمەش زمان دوو دەنگی {ن} دروستدەکات، یەکەمیان کۆتایی برگەی پێشوو دەبێت و دووهەمیان سەرەتای برگەی دوواتر، بەمەش (کوننەپەپوو) سازبووەو دیلانیش هەروای کردووە، کەچی لە وشەی باڵندەدا دەنگی {د} نەخراوە. دیارە ئەمەش کۆی دەنگەکانی نیوەدێڕەکە وای لە دیلان کردووە، دەنا وشەی (باڵندە)ش لە گۆڤەری سلێمانیدا بەتایبەت لای نەوەی بیستەکان و سییەکانی سلێمانی دەنگی {د}یەکەی، هەردەخرا. هەروەك چۆن بە (باڵدار) (باڵلار) وتراوە.
هەر لەو شیعرەدا، دەڵێت:

ئێمە لەجیاتی وێرانی
لەجیاتی ماڵ پەرێشانی

لێرەدا دیلان (ماڵ پەرێشانی)ی وەك یەك وشە بەکاربردووەو هەروایەو دروستیشە، چونکە کورد (ماڵوێرانی)ی هەیە، بەڵام بەپێی ترپەی شیعرەکە، ئەوا وەك ڕەوەبرگە، نیوەدێڕەکە دەبێتە دووڕەوەبرگەو ڕەوەی یەکەمیان بریتیدەبێت لە (لەجیاتی ماڵ)و دووهەمیشیان (پەرێشانی)، کە بەمەش لەگەڵ کێشی شیعرەکەدا دروست دەردەچێت، کە هەر ڕەوەیەکی نیوەدێڕەکە چواربرگە دەبێت. بۆیە لە نووسینیشدا کە (ماڵ) لە (پەرێشانی) جیاکراوەتەوەو لێکنەدراون، خۆی لە خۆیدا هەڵەیە، چونکە ئاوازەی شیعرەکە ئەگەر بێسەلیقە بیخوێنیتەوە، ئەوا تێکدەچێت.

لەم دێڕەشدا هاتووە:

بوون بە قاورمەو بوریانی

ئاوارەبوون سەرگەردانی

لێرەدا، چ (ئاوارەبوون) و چ (سەرگەردانی) وەك چاوگ بەکاربراون، بەمەش کەڵەهێز لەسەر بزوێنی دووابڕگەیان دەبێتو لە یەکەمیاندا لەسەر بزوێنی {وو-û}و لە دووهەمیاندا لەسەر {ی-î} دەبێت. خۆئەگەر وانەبێت، ئەوا دەبوو مۆرفیمی بنجی ی وشەکە، کە (ئاوارە)یە، خۆی کەڵەهێزی هەبووایە، بەمەش واتای وتراوەکان دەگۆڕرێن.

لەم دێڕەشدا، کە دەڵێت:

ڕاونێ پەپووی ئێسك تاڵ

بڵێ... ئاشتی بۆ ماڵ، مناڵ

لێرەدا، کە دیلان نیشانەی (ب-bi)ی ڕێژەی ئینشایی داخوازییەکە لە کاری (ڕاونان)دا وەلادەنێت، ئەمە هەر تەنیا چاولێکەری ی زمانی خەڵکی گۆڤەرەکە نییە، هێندەی ئەوەی کە دیلان زانیویەتی بە هێشتنەوەی ئەو نیشانەیە، کە لە دەنگەکانی {ب}ی لێویو بزوێنی {بزرۆکە-i} پێکهاتووەو ئەمەش لەگەڵ وشەی دوواتردا، کە (پەپوو)ەو دووبارەبوونەوەی دەنگی {پ}ی لێویشی تێدایە، ئەوا بەمە ڕەوانی ی نیوەدێڕەکە وەك پێویست نەدەبوو، خۆئەگەر وانەبووایە، ئەوا دەیتوانی جێناوی کەسی سێهەمی تاك کە (ی)یە وەلابنێت و نیشانەکە دابنێتەوە، بەمەش نەواتای نیوەدێڕەکەو نە کێشیشی گۆڕانی تێنەدەکەوت و هەروەك خۆی دەمایەوە، بەڵام ئەوەی کە دەگۆڕرا، ئەوە ڕەوانی ی نیوەدێڕەکە دەبوو. هەرئەمەش وایکردووە دیلان شاعیرانە مامەڵە لەگەڵ زمانەکەیدا بکات.

لە شیعری شەڕو ئاشتیدا، دیلان دەڵێت:

بەناو بەفرا بەناو دڕکا

با سەهۆڵ ئەندامیان سڕکا

پاشپرتکی (-دا)، کە دەنگی {د}ی تێدایەو ئەمەش لە گۆڤەری سلێمانیدا دەکەوێت، هەرچەندە لەلایەنی دروستی و پێڕەوبەندییەوە لەبار نییە، بەڵام لە شیعردا بەگوێرەی ئەوەی کە وتراوە: "ئەوەی بۆ شاعیر دەلوێت، بۆ خەڵکی تر نالوێت" ئەوا ئەم نەدرکاندنەی دەنگی {د} لە چەند شوێنێکدا تریەی شیعرەکە دەسازێنێت و لەلایەنی کێشی شیعرەکەشەوە بەپێی ئەوەی کە لە زمانی کوردیدا بۆ هێندێك وشە، دەسکراوەییەك لەلایەنی سروشتی بڕگە بڕگەکردنی وشەکانەوە لەئارادایەو دوواتریش لە کردەی فۆنۆتاکتیکی ی نێو دێڕەکاندا ڕەنگدانەوەی دەبێت. بۆنموونە لە کوردیدا وشەی (بەفر) بەپێی هاوڕێیەتی ی لەگەڵ وشەکانی دەوروبەرە زمانییەکەیدا، دەشێت بە بڕگەیەك بێت، هەروەك دەشتوانرێت بە دوو بڕگە گۆبکرێت. یەکەمیان بە {بەفر/ befr}و دووهەمیشیان بە {بە-فر/ be-fir}. هەرچی پاشپرتکەکەشە، کە بە دووای وشەی (دڕك)دا دێت، ئەوا بە نەمانی دەنگی {د} پاشپرتکەکە، تەنیا دەنگی بزوێنی {ا-a}ی دەمێنێتەوە. ئەمەش وادەکات لە کردەیەکی فۆنۆتاکتیکی ی زمانی کوردیدا، پاشماوەی پاشپرتکەکە لەگەڵ دەنگی

{ك}ی وشەی (دڕك)دا، بڕگەسازییەكی نوێ بخەنەوە. بەمەش دەستەواژەی (بەناو دڕكدا) بووەتە (بەناو دڕكا). واتە دەستەواژەكە لەجیاتی ی (٥) بڕگە بووەتە (٤) بڕگە، خودی وشەی (دڕك)، كە دوو بڕگە بوو، ئێستا لەگەڵ پاشماوەی پاشپرتكەكەدا هەردوو بڕگە پێكدەهێنن. هەرچی نیوەدێڕی دووهەمە، ئەوا دەربڕراوی (سڕكا) لە (سڕبكات)ەوە ماوەتەوە، چونكە نیشانەی (ب– bi) لە ڕێژەی ئینشاییدا وەك پێشگرێك دەچێتە پێش ڕەگی كارو جێناوەكەوە، دیارە دەنگی {ت}یش، كە دەنگێكی دانییە، لە گۆڤەری سلێمانیدا هەلومەرجی كەوتنی هەیەو بەمەش لە (بكات) تەنیا (كا) دەمێنێتەوە. واتە ئەو بڕگەی {كا}یەی كە لە هەردوو دێڕەكەدا قافیەی پێكهێناوە، لە یەكهەمیاندا تێداچوونی دەنگی {د}و لە دووهەمیشدا دەنگەكانی {ب} و {ت}، كەوتوون. كە یەكهەمیان نیشانەیەو دووهەمیش جێناوە. بەمەش قافیەو ترپەی شیعرەكەش سازبووە.

لە دێڕێكی تردا، دەڵێت:

ئاو لە كوێ یە بۆ فێنكی دڵ

بۆ گەشاننەوەی سیسی گوڵ

لەم دێڕەدا كەرەستەیەكی ڕێزمانی هەیە، كە ئەویش (ی)ی خستنەسەرەو ئەم كەرەستەیە لە كۆندا دەنگی {ە}یشی لەگەڵدا بووە، واتە (ەی) بووە، بەڵام لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا {ە} كەوتووەو تەنیا {ی} ماوەتەوە، كە دەنگێكی بزوێنە. جا ئەمە وایكردووە، كە لای زۆرێك لە نووسەران و شاعیران لە نووسیندا هەڵە بكرێت، بەتایبەتی لەوكاتانەدا كە وشەی پێش ئامرازەكەش بە بزوێنی {ی–î} كۆتاییهاتبێت، ئەودەم ئەو چوونەسەریەكەی دووبزوێن ڕوودەدات، كە ئەمە لە زمانی كوردیدا ئاسان نییەو زۆرجاریش وادەكەوێتەوە، كە بزوێنی {ی–î}ی دووهەم بە هەڵە بە {ی–y}ی كۆنسۆنانت لە نووسیندا بنووسرێت. جگە لەمەش خودی فۆنیمەكان ئەلۆفۆنیان هەیە، ئەلۆفۆنیش[٦] واتە گۆكردنە جیاجیاكانی فۆنیمێكی دیاریكراو. هەر بۆ نموونە فۆنیمی /ی–î/ بەگوێی ڕووت (٣) ئەلۆفۆنی هەستپێكراوی هەن، هەروەك چۆن لە وشەی (شیر)دا دەنگی {ی–î} بە درێژی دێتە گوێ، بەڵام لە وشەی (ئازادی)دا، مامناوەندی و لە (ئیمتیحان)دا زۆر كورت دێتە گوێ. جا ئەم بارە وایكردووە، كە زۆركەس ئەو كەرەستە زمانییە هەر بە ئەلۆفۆنی {ی} بدەنە قەڵەم. بۆیە ئەمە بۆ شاعیرێكی وەك دیلان، هەرگیز ناتوانین بڵێین بۆخۆی لە خوێندنەوەی شیعرەكەیدا وەك دەنگ، هەڵە لەئارادا بووبێت، چونكە وەك وترا كەرەستەكە خۆی بزوێنەو لەم نیوەدێڕەشدا وشەی (فێنكی) بە بزوێن كۆتاییهاتووە، بۆیە دەشێت لە شێوەی دیفتۆنگدا[٧] بەرجەستە كرابێت، دەنا دەشێت واتاكەش بگۆڕێت. لە نیوەدێڕی دووهەمیشدا لە وشەی (گەشاندنەوە)دا، دەنگی {د} كەوتووەو بەمەش دەنگەكانی پێش و پاش خۆی، كە {ن}ن و یەك سازگەن، ئەوا زمان دووای گۆكردنی یەكهەمیان بەرزنابێتەوەو دووهەمیش لەگەڵ بزوێنی دوواتردا كە {ە– e}یە لە كردەیەكی فۆنۆتاكتیكیدا پێكدەگەن و بڕگەسازییەكی نوێ دێتە ئاراوە. هەر لەو نیوەدێڕەدا دەستەواژەی (سیسی گوڵ) هاتووە، كە ئەمەش دیسان ئامرازی خستنەسەرەكە لە نووسیندا ڕەچاونەكراوە، بەڵام هەروەك نیوەدێڕی یەكهەم پێموانییە كە لەلایەنی خوێندنەوەوە

خۆی بەرجەستەی نەکردبێت، کە (سیسی ی گوڵ)ە، نەك (سیسی گوڵ).
لە دێڕێکی تردا، دیلان دەڵێت:

کەوتە پارێزگاری منداڵ
نەوەك بێتە خۆراکی چاڵ

لێرەشدا نیوەی یەکەم نیشانەی خستنەسەرەکەی ڕەچاونەکراوە، کەچی لە وشەی (منداڵ)دا دەنگی {د}ی هێشتووەتەوە. لە نیوەی دووهەمیشدا نیشانەی (ب- bi) وەلانراوە، ئەگەر وانەبووایە، ئەوا ڕەوانی ی دێڕەکەو کێشیشی لەنگ دەبوو.
دوواتر، دەڵێت:

گرانیش پیێ ی لیێ هەڵبڕی
پەردەی لێکدانەوەی دڕی

لێرەدا ئەگەر بەپێی ئەوەبێت کە لە دیوانەکەدا نووسراوە، ئەوا دەشێت وشەکانی (گران) و (گرانی)، کە دوو واتای جیاوازیان هەیە، لەگەڵ ئەو نیشانەی جەختەدا، هەر مەبەستی نیوەدێڕەکە بگۆڕێت، بەتایبەت کە دەستەواژەی (پیێ ی لیێ هەڵبڕی) بەدووایدا هاتووە، وەك ئەوەی مەبەست ئەوە بێت، کە (بە قورسی پیێ ی لیێ هەڵبڕیوە). جا ئەگەر پێڕەوبەندانە بنووسرێت، ئەوا دەبێت (گرانییش) بنووسرێت، کە ئەمە دروست و بگەێنە. پێشتریش وتمان، وەك وتن ئەگەر تۆماری دەنگی ئەم نموونانە هەبن، ئەوا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە ڕەنگە هێندێك لەم هەڵانە بۆ نووسین و هێندێکیش بۆ هەڵەی چاپ بگەڕێنەوە. ئەم بۆچوونەشمان لەوەوە سەرچاوە دەگرێت، کە تواناو سەلیقەی دیلان لەوە زیاتر بووە، کە هەڵەی بەم شێوەیەی لیێ ڕاببینرێت.
شایانی وتنە، هەلومەرجێکی زمانی کوردی هەیە، کە ئەگەر بەوردی مامەڵەی لەگەڵدا نەکرێت، ئەوا لە لەنگکردنی شیعردا ڕۆڵی دەبێت، چونکە هێندێك دەنگ دەتوانن لە کۆتایی بڕگەی درێژی کوردیدا، جووتە بزوێن دروستبکەن، بەڵام ئەمە بوواری ئەوەی تێدایە، کە ئەو جووتە یاخود هێشووە بەیەکەوە بڕگەیەکی سەربەخۆیش دروستبکەن، وەك لەم دێڕەدا دەبینرێت، کە دەڵێت:

داستانی باسی شەڕکردن
بەکۆمەڵ خەڵك لەناوبردن

لێرەدا وشەی (خەڵك) ئەم دووشیمانەیە بۆ دەربڕینی لەئارادایە، کە ئەوانیش:
یەکەم:
خە/ ڵك – Xe / Ĺik
دووهەم:
خەڵك – XeĹk
جا کە لەم دێڕەدا (خەڵك) بەیەك بڕگە دانراوە، ئەوا ئەگەر بکرێتە دوو بڕگە کێشی شیعرەکە تێکدەچێت.
ئەم دیاردەیە بۆ وشەکانی (ترس) و (ئێسك) و (مەمك) و...هتد، هەر بەو چەشنەیە. بۆنموونە لەم دێڕە بڕوانە:

برسێتی لای ئەو مەبەس بوو

هەر گۆی مەمکێکی بەس بوو

لێرەدا دیلان لە نیوەی یەکەمیدا، دەنگی دانی ی {ت}ی لەپێناوی تۆکمەکردنی قافیەو ڕەوانی ی ترپەی شیعرەکەدا وەلاناوە، بەمەش وشەی (مەبەست) کراوەتە (مەبەس) بەوەش لەگەڵ (بەس)دا دێتەوە. هەر لەو نیوە دێڕەی دووهەمدا وشەی (مەمك) هەیە، کە مۆرفیمەکانی (–ێك) و (–ی)ی چووەتەسەرو بەمەش دەربڕراوی (مەمکێکی) دووشیمانەی لە درکاندندا دەبێت، کە ئەوانیش، یەکەم: {مە–م–کێ–کی} و دووهەمیش: {مەم–کێ–کی}یە. واتە {me-mi-kê-kî} و {mem-kê-kî}ین، کە ئەمەش تایبەتمەندییەکی لایەنی بڕگەسازی ی زمانی کوردییە لەلایەنی فۆنۆتاکتیکییەوە.

لە دێڕێکی تردا، دەڵێت:

چەك فڕی با لەبەر مردن

خۆی بفرۆشێ لەبەر دوژمن

لەمەدا بڕگەی {با} کە لە بنەچەدا (بدات) بووەو دەنگی {د} و {ت} کەوتوون، ئەم کەرەستەیە لە نەوەی کۆندا لەدووای کەوتنی دەنگی {د}، بە {ب– ات} – {bi-at} گۆیاندەکرد، بەڵام لە ئێستای سلێمانیدا هەروەك ئەمەی دیلان گۆدەکرێت. واتە لە بنەچەدا دوو بڕگە بووە، بەڵام ئێستا تەنیا یەك بڕگەی لێ ماوەتەوە. جا ئەگەر وانەبووایە، ئەوا دێڕەکە دەبوو بە (٩) بە (٨) و لەنگ دەبوو.

دوواتر لە شیعری (بۆ باڵدارەکان)دا، دەڵێت:

چڵ بە ورشەو تۆ بە قونەی نیازی چەن ساڵە

زەماوەنێ سازبدەن لەو ملەو سەریاڵە

لێرەدا و لە نیوەی یەکەمدا، دیلان ئەگەر کارامانە مامەڵەی لەگەڵ دەربڕراوی (نیازی) دانەکردایە، ئەوا دێڕەکە لەنگ دەبوو، چونکە دەربڕراوەکە خۆی {نی–یا–زی}، {nî-ya-zî}یە، ئەوا بوواری ئەوە هەیە کە نەبزوێنی بڕگەی دووهەم وەلابنرێت، بەمەش بزوێنەکانی {ی–î} و {ا–a} دیفتۆنگ دروستدەکەن، لەم بارەشدا دێڕەکە (١٣) بە (١٣) دەبێت و لەنگ نابێت. هەرچی نیوەی دووهەمیشە، ئەوا دیلان کە لە زۆر شوێندا دەنگەکانی {ب} و {د}ی لەبەر پێویستی ی ترپەو قافیە وەلایدەنان، کەچی لێرەدا لە دەربڕراوی (سازبدەن)دا، کە وەك گۆڤەری سلێمانی بە دوو چەشن هەلومەرجی دەربڕینی هەیە، ئەوانیش: (سازدەن) و (سازبەن)ن، بەڵام دیلان هیچکام لەم ڕێچکانەی نەگرتووەو پێڕەوبەندانە بەکاریبردووە. لە بەرامبەردا لە نیوەی یەکەمدا دەنگی {د}ی لە (چەند)دا وەلاناوەو لە دووهەمیشدا دەنگی {د} و {ك} لە دەربڕراوی (زەماوەندێك)دا، کە بێگومان ئەمەش سازبوونێکی لەباری بە ترپەی دێڕەکە بەخشیوە.

لە شیعری (گەشتێ)دا، دیلان دەڵێت:

ڕازاوەیە دیواری پان ڕێچکەی زنجیری

دەم کراوەو عەزرەتی یە لەش (منم نێچیری)

لە نیوەدێڕی دووهەمدا، کە وەك دەستەواژەیەك دەربڕراوی (عەزرەتی یە لەش) لە دیوانەکەدا نووسراوە، ئەوا ئەمە وەك زاراوەیەك دیلان بەکاریهێناوە، تەنانەت لە گۆکردنیشدا کەڵەهێز دەچێتە سەر بزوێنی {ه-e} ، کە لە دووابڕگەی دەربڕراوەکەدایە، کورد لەم جۆرە کردە زمانییەی زۆر بوون، بۆنموونە دەربڕراوەکانی: دێوانە مەشرەب، شێتانە ڕەفتار...هتد. جا ئەم کەرەستانە ئەگەر لە زماندا وەك یەك کەرەستە مامەڵەیان لەگەڵدا نەکرێت، ئەوا واتای وتراویش لەبارنابێت. کەواتە دیلان نەیوتووە (عەزرەتی یە/ لەش) کە لەمەدا واتای ئەوەیە، کە عەزرەتییەکە بۆ لەش دەگەڕێتەوە، کە ئەمەش ڕاست نییە، بەڵکو ئەوە دەمە کراوەکەیە کە بۆ لەش عەزرەتییە. کەوابوو دەبێت ئەم کەرەستەیە لە نووسینیشدا بەسەریەکەوە بنووسرێت، یاخود بۆشایی لەنێوان مۆرفیمەکاندا[٨] نەبێت. خۆئەگەر دیلانیش واینەکردایە، ئەوا نیوەی دووهەمی دێڕەکە دەبێتە (١٤)و یەکهەمیش (١٣)، کە ئەمەش لەگەڵ سەلیقەو توانای زمانی ی دیلاندا ناگونجێت.

پاری دووهەم/

ئاستی ڕێزمان لە چەند شیعرێکی دیلاندا:

هەروەك لە پاری یەکهەمدا وتمان، ڕێزمان بۆ هەموو ئاستەکانە، بەڵام لە بواری زانستی زماندا، بە پلەی یەکهەم ئاستی وشەسازی و ڕستەسازی دەگرێتەوە. جا ئەوەی لەم پارەدا پتر پێداگری ی لێدەکرێت، بە پلەی یەکهەم ئاستی وشەسازییە، ئەوجا لە هێندێك لایەنی ڕستەش دەدوێین.

بۆنموونە دیلان لە شیعری (کوننەپەپووی شەڕ)دا، کە دەڵێت:

پووچ ترە لە داری گەننەڵ

پیس ترە لە ڕێوی دەغەڵ

لێرەدا لەلایەنی ڕێزمانەوە، دەربڕراوەکانی (داری) و (ڕێوی) وەك یەك کەرەستە ڕەچاو ناکرێن، گەرچی بە نووسینەکە بێت، ئەوا بە ڕواڵەت لە یەك دەچن، بەڵام ئەمانە هەریەکەیان هەلومەرجێکی ڕێزمانی ی تایبەتیان هەیە، بۆنموونە (ڕێوی) ئەو دەنگانەی کە وشەکەیان لێ پێکهاتووە، هیچیان زیادە نین و بەشێکی لە جیاکردنەوەنەهاتوون لە دەنگەکانی وشەکە، بەڵام لە دەربڕراوی (داری)دا دوو کەرەستەی ڕێزمانی لەئارادان، کە یەکهەمیان وشەی (دار)ەو دووهەمیش جێناوی (هەیی)[٩] یە، بەڵام ئەگەر وەك دەستەواژەیەك لە نیوەدێڕەکەدا بۆی بڕوانین، وەك ئەوەی بڵێین (داری گەننەڵ) ئەوا (ی) لەمەدا ئامرازی خستنەسەرەو لە کۆمەڵەی بەشە ئاخاوتنی ناتەواوە. کەواتە لە نیوەدێڕی دووهەمدا کەرەستەیەکی ڕێزمانی بەپێی شیعرەکە بوونی نییە، کە ئەویش ئامرازی خستنەسەرەکەیە، کە دەبوو بنووسرایەو تەنانەت مەودایش لەنێوان {ی}ی کۆتای وشەی (ڕێوی) و ئامرازەکەشدا هەبێت. جا هەروەك لە پاری یەکهەمیشدا وتمان کە ئەم ئامرازە لە بنەچەدا دەنگی {ە} یشی پێوەبووە، بەڵام لە ئێستادا کەوتووەو تەنیا بزوێنەکە ماوەتەوە، ئەمەش لەوکاتانەدا کە وشەی پێش ئامرازەکە بەدەنگی {ی} کۆتاییان بێت، ئەوا لەو کاتانەدا وادەکەوێتەوە کە بەشێوەی

دیفتۆنگ هەردوو بزوێنەکە دەربڕێن، ئەمەش دەبێتە مایەی بەهەڵەدابردن لە نووسیندا، بۆیە لەئاستێکی کەمدانەبێت، ئەوا نەك هەر شاعیران، بەڵکو زۆربەی نووسەران و بگرە هێندێك لە ئاکادیمییەکانیش هەر بەو شێوەیەن، کە ئەمەش هەڵەیەکی ڕێزمانی ی زەقە.

لەشیعری (شەڕوئاشتی)دا، دیلان دەڵێت:

کەوتە پارێزگاری منداڵ

نەوەك بێتە خۆراکی چاڵ

لەمەشدا وەك پێشتر باسکرا، کەرەستەکانی (پارێزگاری)و (خۆراك) هەن، کە ئەمانە وشەی سەربەخۆن، بەڵام کاتێك لەڕستەو دەستەواژەدا، بێن، ئەودەم لەپێوەندیی ئاسۆییدا دەبنە هاوڕێی کەرەستەی ڕێزمانی ی ترو بەمەش واتای وتراوەکان بەباشی دەگەێنرێن. جا هەرچی وشەی (خۆراك) ە، ئەوا ئامرازی خستنەسەرەکەی بەدوودا هاتووە، بەڵام ئەگەر دروستنووسیمان مەبەست بێت، ئەوا نابێت بەکەرەستەی پێش و دووای خۆیەوە بنووسێنرێت وەك ئەوەی لەشیعرەکەدا هاتووە. سەبارەت بە (پارێزگاری)یش، ئەوا ئەمە وەك نموونەکەی پێشوو، بەهۆی کۆتاییهاتنییەوە بەدەنگێکی بزوێن، کە {ی- Î} یە، بووەتە هۆی بەهەڵەدابردن و کەرەستەکە لەنووسیندا لەئارادانییە.

لەدێڕێکی تردا، دیلان دەڵێت:

چەك فڕێ با لەبەر مردن

خۆی بفرۆشێ لەبەر دوژمن

لێرەدا لەنیوەی یەکەمدا، کە کاری (فڕێدان) لە ڕێژەی ئینشاییدا لەئارادایە، بەڵام ڕەگی کاری (دان) کە (دە)یە لەئارادا نەماوە هەروەها جێناوەلکاوەکەش، کە (ت)یە بوونی لەم دەربڕراوەدا نەماوە. ئەو جێناوە لکاوە کە بۆکەسی سێهەمی تاك دەگەڕێتەوە، لەنیوە دێڕی دووهەمیشدا لەدەربڕراوەی (بفرۆشێ) دا بوونی نییە. کە ئەمانەش وەك پێڕەوبەندیی زمان، دروست نین، بەڵام وەك هەلومەرجی شیعر، ئەوە لایەنێکی ترە.

لەشیعری (گەشتێ) دا، دەڵێت:

ڕازاوەیە دیواری پان ڕێچکەی زنجیری

دەم کراوەو عەزرەتی یە لەش (منم نێچری)

هەروەك لەپاری یەکەمدا، لێیدووواین، دەربڕراوی (عەزرەتی یە لەش) چ وەك دەستەواژەو چ وەك وشەیش دەکرێت بەکاربهێنرێت، بەڵام لەباری دەستەواژەییدا، ئەوا وشەکان دەبێت مەودایان لەنێواندا هەبێت. هەرچی باری وشەیی دەربڕراوەکەشە، ئەوا نابێت مەودا لەنێوان مۆرفیمەکانیدا هەبێت. سەبارەت بە نووسینیشیان ئەگەر دروستنووسی ڕەچاوبکەین، ئەوا دەبێت لەم بارەدا کەرەستەکان لێکببەسترێن و وەك یەك وشەی لێکدانەبڕاو مامەڵەی لەگەڵدابکرێت، وەك (عەزرەتییە لەش)، چونکە ئەگەر وانەبێت، ئەوا واتا دەگۆڕرێت.

لەدێڕێکی تردا، دەڵێت:

زۆر مێشكی بیركەرەوە لەدواڕۆژ ی ڕوون

هاڕابوونو لەژێرپێدا بوون بەهەپروون

لەنیوەدێڕی دووهەمدا، دەربڕراوی (هاڕابوون) كە لە (هاڕین)ەوەیەو ڕەگی كارەكەش (هاڕ)ە، دەربڕراوەكەش بەشێوەی بكەر نادیار هاتووە، بۆیە دەبوو نیشانەی بكەر نادیار لە ئارادابووایە، بەڵام پێدەچێت نەهاتنی بۆ ئەوە بگەڕێتەوە، كە ڕەگەكە بەدەنگی لەرزۆكی {ڕ} كۆتایی هاتووەو نیشانەی كارابزریش (بكەرنادیار) هەر {ر} ە، كە لەرزۆكە، ئەمەش وایكردووە، كە نیشانەكە لەلایەنی دەنگەوە بوواری ونبوونی بۆ بڕەخسێت، بەڵام لەئاستی وشەسازیو ڕستەسازیدا، ئەم كەرەستانە نابێت فەرامۆش بكرێن. لەوبڕوایەشدام كە وەك خوێندنەوە دیلان هەڵەی نەكردووە. لەشوێنێكی تردا دەڵێت:

هانم ئەدا بۆ كۆڕی سوور كۆڕی تێكۆشان

نە ترسم بیٚ لەئازارو لەقووڵی زیندان

لێرەدا (بیٚ)، لەجێگەی (هەبێت) هێنراوە، كە ئەمە ئەگەر بەپێی ڕێزمانی كوردی بێت چ وشەسازیو چ ڕستەسازی، ئەوا پێوەندییە ئاسۆییەكانی ئەم نیوەدێڕەو بەتایبەتیش ئەم (هەبێت)ە، بەم شێوەیە نەدەبوو، بەڵكو دەبوو بوترایە:

نە ترسم لە ئازار هەبێتو نە لە قووڵی ی زیندان

لە نیوە دێڕی یەكەمیشدا، جێناوی لكاوی كەسی سێهەمی تاك لەئارادا نییە، لەنێوان (بۆ كۆڕی سوور كۆڕی تێكۆشان) دا، كۆڕی دووهەم لابرایەو ئامرازی لێكدەر بەكاربهاتایە، هەر لەو نیوەی یەكەمەدا، دەكرا كاری (هاندان) كەرتبكرایە، بەمەش دەبوو بە:

هانم بۆ كۆڕی سوورو كۆڕی تێكۆشان دەدات.

یاریكردن لەلایەن دیلانەوە بەم هەلومەرجە وشەییو ڕستەییە، بەبیٚ هۆ نەبووە، بەڵكو لەپێناوی جوانكاری لەشیعرەكەدا كراون.

لەدێڕێكی تردا دەڵێت:

بەڵیٚ دەردم زۆرگرانە، پەرۆشە گیانم

بۆ هیوایە بۆ ئامانجیٚ بەندی زیندانم

لە دەربڕاوەكانی (بۆ هیوایە)و (بۆ ئامانجیٚ)دا، كە دەشێت یەكەمیان فرمانی بێهێزو ناوگری فۆنەتیكی بن. واتە (یە) بەو شێوەیە بێت، بەڵام ناتوانین لەوە دڵنیابین كە پاشماوەی مۆرفیمی نەناسراوی، كە لەبنەچەدا (یەك)ە، نەبێت. جا ئەگەر ئەمەیان بێت، ئەوا دەكرێت بڵێین دیلان یەك مۆرفیمی لەیەك نیوەدێڕدا بە دوو شێوە، بەڵام بەیەك ئەركی ڕێزمانی هێناوە، كە ئەمەیان ڕوون نییە. هەرچی دووهەمیشە، ئەوا پاشماوەی ئەلۆمۆرفێكی[١٠] ئامرازەكەیە، كە (ێك)ە، چونكە دەنگی {ك} لەجێگەی تریشدا هەلومەرجی كەوتنی لەگۆڤەری سلێمانیدا لە ئارادایە.

لەشیعری (سروودی وڵات)یشدا، دەڵێت:

كرێوەیە لەو ملانە بەفری شاخ

سپی كاری خۆی گەیاندە پشتی باخ

لەم دێڕەدا بەدووای وشەی کرێوەدا فرمانی بێهێز هەیە، کە (-ە)یە، بەڵام لەباتی ئەوە پێشپرتكو نیشانەی ئاماژە، کە بەهەردووکیان لەشێوەی (لەو)دا هاتوونو ئاماژە بۆ (ملە)، واتە بۆ یاڵە دوورەکان دەکات، بکەوتایەتە پێش (کرێوەیە)، کە بە فرمانێکی بێهێز کرێوەکردنەکە گەێنراوە، کەچی دیلان خستوویەتییە پێشەوە. دیارە ئەمەش بەپێی یاسای ڕستەسازیی کوردی، ڕیزبوونە ئاساییەکە نییە، هاوکات هیچ کەرەستەیەکی پێوەندییش بۆ بەستنی دەستەواژەی دووایی لەگەڵ پێشخۆیدا لەئارادا نییە، بۆ نموونە مۆرفیمی (و) لە ئارادا نییە.

لە نیوەی دووهەمیشدا (سپی کاری)، دەکرێت وەك یەك وشە ڕەچاوبکرێتو مەوداش لەنێوان بەشی یەکهەمو دووهەمدا نەبێت، ئەودەم (سپیکاری) وەك: گەچکاری، وردەکاری... هتد، دەبێت، جا ئەگەر وابێت، ئەوا بەدووای (سپیکاری) دا (ی)ی خستنەسەریش، کە لەبنەچەدا هەیە، دەبوو لەئارادا بووایە. کەواتە ئەوە (بەفری شاخ)ە، کە سپیکاریی خۆی بەپشتی باخ گەیاندووە. جا ئەگەر لەم لایەنە ڕێزمانییە بڕوانین، کە دیلان کەرەستەکانی تێکهەڵشێلاوەتەوە، ئەوا لەوە دەگەین، کە بەم کارەی جوانکاری ی کردووەو ڕەوتو ترپەی شیعرەکەشی سازکردووە. بەشێوەیەکی تریش ئەگەر نیوەدێڕەکە، بەتایبەت (سپی کاری) بەپێی ئەو مەودایە بخوێنرێتەوە، کە لەنێوان (سپی)و (کار-ی)دا هەیە، ئەوا ئەودەم ئەم نیوەدێڕە لە (بەفری شاخ) دا دەبڕێتو ئەوجا ئەوە (سپی)یە، کە کاری خۆی گەیاندووتە پشتی باخ. دیارەو گومانیش ناکرێت کە دیلان ئەمەی مەبەست بووبێت. کەواتە لەنووسینی شیعرەکەشدا دەبێت بەم شێوەیەی خوارەوە بنووسرێت:

کرێوەیە لەو ملانە بەفری شاخ

سپیکاری ی خۆی گەیاندە پشتی باخ

دوواتر لەم دێڕەدا دەڵێت:

لەبەر دێ دا شەڕە تۆپەڵ هی گەنجە

سنگ بۆ کوانوو چۆقە جێگەی سەرنجە

لێرەدا دیلان (کردن)ی نەکردووتە هاوڕێ ی (شەڕە تۆپەڵ)، بەڵام بەپێی پێوەندییە ئاسۆییەکەو هاوڕێیەتی ی وشەکانی تر[11]، کردنی شەڕە تۆپەڵەکەی گەیاندووە. کەواتە بەداڕژتنێکی تر (ئەوە گەنجانن کە لەبەر دێدا شەڕەتۆپەڵ دەکەن). ئەوا نە وشەکانی (سەرما)و نە خۆ گەرمکردنەوەش، بەڕاشکاوی نەهاتوون، بەڵام دیلان لەکۆی کەرەستەکانی وتراوەکەیەوە، کردارەکە دەگەێنێت.

دوواتر، دەڵێت:

خۆراکی ڕۆژ خواردەمەنی کوێستان هات

بەفرو دۆشاو ڕەشو سپی زستان هات

لەنیوەی دووهەمدا دیلان کە (بەفرو دۆشاو)ی بەکارهێناوە، وەك دوو کەرەستە یاخوود دوو وشەی جیاواز، نەیهێناون، بەڵکو یەك وشەیەو لێکدراون، چونکە کراون بەسەریەکداو خوراوە، نەك بەجیا. ئەمە لەکاتێکدا کە (ڕەش)و (سپی) وەك دوو کەرەستە هێناونیو (ی)ی خستنەسەریش دەبێت بەدووایدا بێت، دەنا لایەنی ڕێزمانی ی دەربڕاوەکە تێکدەچێت، یان هەر هیچ نەبێت پێوەندییەکەی

به زستانەوە ناهێڵێت. لە دێڕەکانی دوواتریشدا، وشە گەلێك هاتوون، کە لەدیوانەکەدا وەك وشەی لێکدراو نەنووسراون، ئەمەش دەبێتە مایەی تێکدانی وشەکان‌و شیعرەکانیش، لەوانەش: لوولکژەن، سایبەهەشت، کوچکوبەرد... هتد.

لەم دێڕەشدا، کە دەڵێت:

لەپڕ ئەوەی کە زۆرتر سوور
لەپشکۆی ئاگری پڕ نوور

لێرەدا، ئاوەڵناوی (تر) خراوەتە دووای ئاوەڵکرداری (زۆر)ەوە، کە باری ئاسایی بەکارهێنانی ئەم کەرەستەیەش، ئەوەیە کە بچووایەتە دووای ئاوەڵناوەکەوە، کە (سوور)ە. هەرچی نیوەی دووهەمیشە لەباری ئاساییدا دەچووە دووای ئاوەڵکرداری (زۆر)ەوە. واتە دێڕەکە بەم شێوەیە لەباری ئاساییدا کەرەستەکانی لەپێوەندی ی ئاسۆییدا ڕیزدەبوون: (لەپڕ ئەوەی کە زۆر لە پشکۆی ئاگری پڕ نوور سوورترە)، بەڵام ئەم پێوەندییە ئاسۆیییەی کەرەستەکان لای دیلان، ڕەوانییەکی بەدێڕەکە بەخشیوەو جوانکاری ی دەربڕینەکەش بەشێکی لەمەوە سەرچاوەی گرتووە.

پاری سێهەم/ گەیاندنی واتای پراگماتیکی:

دیارە مەبەست لە واتای پراگماتیکی[12]، ئەو واتایەیە کە لەڕێگەی واتای کەرەستەیەکی ئاسایییەوە ناگات، بەڵکو هەڵهێنجانە لەوەوە کە لەپشت وتراوەکانەوەیە، کە هەر ئەمەش مەبەستی قسەکەیە، نەك واتای سیمانتیکی ی وتراوەکان. جا ئەگەر لەشیعری (شەڕوئاشتی)ی دیلان بڕوانین، ئەوا لەم دێڕەدا بەکارهێنانی پراگماتیکی ی ئاوەڵکرداری (زۆر) یاخود (زۆر زۆر) لەئارادایە، بەڵام لەڕێگەی دەربڕراوی (پێی لێ هەڵبڕی)یەوە، گەیێنراوە، کە دەڵێت:

گرانیش پیێ ی لێ هەڵبڕی

واتە زۆر زۆر گرانی بوو. جا ئەگەر دەوروبەرە زمانییەکە نەبووایە، ئەوا دیسان شیمانەی ئەوە هەبوو (پیێ لێ هەڵبڕین) واتای پراگماتیکی ی تریش بگەیێنێت.

لەنیوەی دووهەمیشدا، کە دەڵێت:

پەردەی لێکدانەوەی دڕی

لێرەدا ئەو واتا پراگماتیکییەی لەڕێگەی دڕینی (پەردە)و (لێکدانەوە)وە دەگات، ئەوەیە کە (گرانییەکە هێندە زۆربووە، لەئەقڵ دەرچووە)، چونکە ئەگەر لەپەردەیەکدا لێکدانەوە بکرێت، ئەوا ئەو لێکدانەوەیە بەدڕینی پەردەکە، لەئارادا نامێنێت. واتە لە لێکدانەوە نایەت.

لەدێڕێکی تردا، کە باس لە ساوایەکی شیرەخۆرە دەکات، دەڵێت:

برسێتی لای ئەو مەبەس بوو
هەر گۆی مەمکێکی بەس بوو

لێرەدا دیلان وشەی (برسێتی)ی هێناوە، بەڵام ئەوەی لەکۆی دێڕەکە دەگات، ئەوە (تێربوون)ە. جا ئەگەرچی ناوی (شیر) نەهاتووە، بەڵام ئەو تێربوونە ئەگەر گۆی مەمکێك بەس بێت بۆی، ئەوە (لە شیرتێربوون) مەبەستە.

هەر بەو پێیەش، دیلان لە شیعری (گەشتێ)دا، دەڵێت:

بەڵام تاكو ئەم قسەیە... كام عاشقی گوڵ

توانیویێتی دەستی (نیاز) بنێتە سەردڵ

لێرەداو لە نیوەدێڕی یەكهەمدا، وشەكانی نە (كات)و نە (كردن)و نە (ئێستا) لەئارادا نین، بەڵام پراگماتیكییانە واتایان گەیێنراون. هەر بەوچەشنەش، لە نیوەی دووهەمدا (بە ئاواتنەگەیشتن) وەك دەستەواژە لەئارادا نییە، كەچی واتاكەی بەشێوەیەكی پراگماتیكی گەیێنراوە، ئەمەش لەڕێگەی پرس لەوەی كامە عاشقی گوڵە، كە توانیویەتی دەستی بەنیازی بەخۆشەویست گەیشتن بنێتە سەر دڵی گەرمی.

لەشیعرێكی تریشدا، كە (سروودی وڵات)ە، دەڵێت:

كرێوەیە لەو ملانە بەفری شاخ

سپیكاریی خۆی گەیاندە پشتی باخ

لەم دێڕەدا، دەربڕراوێكی وەك (بەفر چیاكانی داپۆشی) بوونی نییە، بەڵام واتای ئەم وتراوە بەشێوەیەكی پراگماتیكی گەیێنراوە، چونكە ئەگەر كاری (سپیكاری)، كە تایبەتە بە وەستای گەچكاری، ئەم كارە ئەگەر بەفری شاخ بیكاتو تاوەكو پشتی باخ سپیكاری ی بكات، ئەوا واتای بەدەرەوە نەمانی خاكو داروبەرد، بەهۆی بەفرەوە گەیێنراوە. بێگومان ئەم بەكارهێنانە خۆی لەخۆیدا وێنەیەكی جوانو گەیاندنێكی لەباری مەبەستی شاعیریشە.

لەدێڕێكی تردا، دەڵێت:

لەبەر دێ دا شەڕە تۆپەڵ هی گەنجە

سنگ بۆ كوانوو چۆقە جێگەی سەرنجە

جا ئەگەر لە نیوەدێڕی دووهەم وردببینەوە، ئەوا (لەرز لێهاتن لەسەرماندا) بوونی نییە، بەڵام پراگماتیكییانە واتای ئەمە گەیێنراوە، ئەمەش هاتنی وشەكانی (چۆقە)و (كوانوو)و (سنگ) كە دەوروبەرە زمانییەكە پێكدەهێنن، لەگەڵ نیوەی یەكهەمدا، كە وشەی (بەفر) بوونی نییە، بەڵام وشەكانی پێشوو لەگەڵ (شەڕە تۆپەڵ)دا واتای بارینی بەفرو لە ئارادابوونی بەئاستێكی وا، كە بۆ شەڕە تۆپەڵ بشێت، دەگەیێنێت.

لەدێڕێكی تردا، دەڵێت:

هەر كڵوكە شوێن بازرەقەی بەهارم

پڕ دووكەڵە جێ دەواری هەوارم

لێرەدا، نە (كاولكردن)و نە (سووتانی چیاكان) گوزارشتیان لێنەكراوە، بەڵام واتای ئەمانە بەشێوەیەكی پراگماتیكی گەیێنراون، چونكە ئەگەر (دووكەڵ) نەبێت، ئاگركەوتنەوە لەباری ئاساییدا نابێت، هەروەها هاتنی دەربڕراوی (جێ دەوار) واتە جێگەی ڕەشماڵو بەدوواییدا هەواریش هاتووە، كە ڕەشماڵ بە زۆری لەهەواری هاوینە، واتە لە كوێستانەكان یاخود چیاكان هەڵدەدرێن، جا ئەگەر ئەو جێڕەشماڵانە پڕ دووكەڵبن، ئەوە واتای ئەوەیە كە چیاكان سووتێنراون، جا بەبێ ڕەشماڵەكان یاخود بەوانیشەوە، هەروەك لەئێستادا قەندیل بەهەوارەكانیشەوە

دەسووتێنرێن.

لێرەدا نابێت مێژووی ئەم شیعرەش بە بیرنەهێنرێتەوە، کە ساڵی (١٩٨٣)ی سەدەی پێشووەو بەعسو کاولکارییەکانیو جەنگی ئێرانو عێراقیش لە ئارادابوو، ئەمانەش وایانکردووە، کە دیلان لەشیعرەکەیدا پەنا بباتە بەر ئەم بەکارهێنانە پراگماتیکییە.

دیلان وشەی ڕەسەنی کوردی:

هەرکەس بەپێی ئاستی ڕۆژنبیری یو کارامەی ی خۆی، توانای زمانی ی گەشەدەکاتو فەرهەنگەکەی مێشکی فراوان دەبێت. جا دیلان یەکێکە لەو کەسانەی کە توانایەکی باڵایان لەزمانی کوردیدا هەبووە، بەڕادەیەك، کە هێندێك وشەی ڕەسەنی کوردی هەن، مەگەر هەر لای ئەو کەسانەی وەك ئەو کوردیزانو کوردیبێژو کوردینووسن، ببینرێن. جا ئەگەر گەنجینەی وشەکانی مێشکی مرۆڤ گرنگبن، ئەوا خستنەکاریان کارامەی ی زۆر زیاتری دەوێتو ڕەنگە کەمبن ئەوانەی لەم لایەنەیاندا زۆر کارامەبن، کە بێگومان دیلان یەکێکە لەو کەسە کەمانە، کە لەزمانو فەرهەنگی کوردی، لەئاستێکی باشو بەشێوەیەکی باش، بەئاگابووەو بەکاریشیبردووە. ڕاستی ی ئەمەش هەر لەدووتویٚ ی شیعرەکانییەوە دەردەکەوێت.

لەفەرهەنگی ئەودا، وشەکانی: دەغەڵ، کە بەواتای (خائین)و (خراپەکار) هێناویەتی، هەروەها وشەی (بێر) کە وشەیەکی زۆر ڕەسەنی کوردییەو ئێستادا بەکارهێنانی بەتەنیا لەئارادا نەماوە، کە ئەمەش بەهۆی هاتنی وشەی (خێر)ی عەرەبییەوە بووە، کەچی دیلان لەشیعردا بەکاریبردووە، کە دەڵێت:

کویٚ پڕ لەبێرو سامانە

جێگای هەڵپەڕکێی گەلانە

یاخود وشەی (بێزراو) کە مۆرفیمی بنجیی (بێز) کرۆکییەتیو بەواتای (قێزەون) دێت، وەك دەڵێت:

بێزراوترە لەژاری ئاڵ

سواوترە لەکۆنە ناڵ

هەر بەوپێیە وشەگەلێکی ڕەسەنی زۆری تری بەکارهێناون، کە ڕەنگە لەو سەردەمەدا کەم کەس پێیان ئاشنابووبن، لەوانەش: ئاوەزی[١٣]، سەهەن[١٤]، بەفرودۆشاو[١٥]، بووم، فەڕ، کڵوك... هتد. ئەمانەش پاراوییەکی زیاتری بە زمانو شیعری دیلان بەخشیوەو گەواهی ی ئەوەشن کە دیلان خاوەنی فەرهەنگێکی باشو سەلیقەیەکی زمانی ی باڵابووە.

((ئەنجام))

١- دیلان وەك كەسێكی بەئاگا لە زمان، توانیویەتی لەئاستێكی باڵادا سوود لەلایەنی یاسا فۆنەتیكی و فۆنۆلۆژییەكانی زمانی كوردی ببینێت و بەمەش ترپەو ئاوازەی دەربڕینەكانی، بەوشێوەیەی كە ئەو كەرەستە زمانییەكانی بەكارهێناون، ڕەوانییەكی لەباریان بەشیعرەكانی داوە.

٢- لەئاستی وشەو ڕێزماندا، دیلان كارامانە وشەو زاراوەی بەكارهێناوەو لێرەشدا زۆر بە وردی كەڵەهێز (Primary stress) ی خستووەتە خزمەت وشەو دەستەواژەكانییەوە، ئەمەش تەڕ دەستیی دیلان و توانای لەزمانەكەدا دەردەخات.

٣- دیلان وشەی ڕەسەن و ئاوازەی پاراوی وای لەشیعرەكانیدا بەكاربردوون، كە كەمتر لەبەكارهێنانی ئاساییدا، بەرگوێ ی خەڵك كەوتوون، دیارە ئەمەش نیشانەی بەئاگایی ئەوە لە فەرهەنگ و زمانی نەتەوەكەیداو بەمەبەستیش هێناونییەتە ئاراوە، تاوەكو بیانژێنێتەوە.

٤- ئەو ڕێنووسەی لەشیعرەكانی دیلاندا ڕەچاوكراوە، ئەگەر هەڵەی نووسینەوەو چاپ نەبێت، ئەوا لە زۆر جێگەدا بووەتەهۆی لەنگكردن و تەنانەت هێندێكجار شێواندنی واتای هێندێك لەدێڕەكانیش. ئەمەش بۆ بەئاگا لەیاسا و ئاستەكانی زمانی كوردی، بەڕوونی دەردەكەوێت.

پەراوێزەكان:

١- بڕوانە: فۆنەتیكی زمانی كوردی، محمد امین هەورامانی، ل (٤٩).
٢- بڕوانە: معجم علم اللغة النظري/ انگلزي- عربي، الدكتور محمد علي الخولي، ل (٢٢٧).
٣- بڕوانە: ڕێنووسی كوردی، دكتۆر نەسرین محەمەد فەخری، ل (٣٢- ٣٣).
٤- بڕوانە: زمانی كوردی لەبەر ڕۆشنایی فۆنەتیكدا، ل (١٥).
٥- بۆ زانیاریی پتر سەبارەت بە فۆنۆتاكتیكی، بڕوانە: زمانەوانی، پرۆفیسۆر د. محمد معروف فتاح، ل (٧٩).
٦- بڕوانە: فۆنەتیك، غازی فاتح وەیس، ل (٤٣).
٧- بڕوانە: نووسینی كوردی بە ئەلفوبێی عەرەبی، د. ئەوڕەحمانی حاجی مارف، ل(١٠٠- ١٠١).
٨- بڕوانە: وشە ڕۆنان لەزمانی كوردیدا، د. ئەورەحمانی حاجی مارف، ل (٢٢- ٢٣).
٩- بڕوانە: ڕێزمانی كوردی، بەرگی یەكەم، وشەسازی، د. ئەورەحمانی حاجی مارف، ل (٢٧٨).
١٠- بڕوانە: وشە ڕۆنان لەزمانی كوردیدا، د. ئەورەحمانی حاجی مارف، ل (٣٤- ٣٥).
١١- بڕوانە: وشەی زمانی كوردی، د. ئەورەحمانی حاجی مارف، ل (١٣).
١٢- بڕوانە: پراگماتیك و واتای نیشانەكان، هۆگر مەحموود فەرەج، نامەی دكتۆرا، زانكۆی سلێمانی (چاپ نەكراوە) ٢٠٠١.
١٣، ١٤، ١٥- بڕوانە: دیوانی شیعر، محمد صالح دیلان، ل (٣٨، ٣٨٠، ٣٨١...).

سەرچاوەكان:

١- د. ئەورەحمانی حاجی مارف، وشەی زمانی کوردی، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد- بەغدا ١٩٧٥.
٢- ـــــــــــــــ، زمانی کوردی لەبەر ڕۆشنایی فۆنەتیکدا، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد- بەغدا ١٩٧٦.
٣- ـــــــــــــــ، وشە ڕۆنان، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد- بەغدا ١٩٧٧.
٤- ـــــــــــــــ، نووسینی کوردی بە ئەلفوبێی عەرەبی، لەچاپکراوەکانی ئەمیندارێتی گشتی رۆشنبیری و لاوانی ناوچەی کوردستان- ١٩٨٦.
٥- ـــــــــــــــ، ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم، وشەسازی، بەشی دووەم جێناو، دەزگای ڕۆشنبیری و بلاوکردنەوەی کوردی، بەغدا ١٩٨٧.
٦- غازی فاتح وەیس، فۆنەتیک، لەچاپکراوەکانی ئەمیندارێتی گشتی رۆشنبیری و لاوانی ناوچەی کوردستان، ژمارە (٥)- ١٩٨٤.
٧- محمد صالح دیلان، دیوانی شیعر، ئامادەکردنی: عەبدوڵلا عەزیز خالد، لەچاپکراوەکانی ئەمیندارێتی گشتی رۆشنبیری و لاوانی ناوچەی کوردستان، چاپخانەی سۆمەر، بەغدا ١٩٨٧.
٨- پرۆفیسۆر د. محمد معروف فتاح، زمانەوانی، هەولێر- ٢٠١١.
٩- محمد امین هەورامانی، فۆنەتیکی زمانی کوردی، چاپخانەی (دار الجاحظ)، بەغدا ١٩٧٤.
١٠- دکتۆر نەسرین محەمەد فەخری، ڕێنووسی کوردی، کۆلیجی پەروەردە، دانشگای بەغدا ١٩٧٧- ١٩٧٨.
١١- هۆگر مەحموود فەرەج، پراگماتیک و واتای نیشانەکان، نامەی دکتۆرا (چاپ نەکراوە) زانکۆی سلێمانی- ٢٠٠١.



**بعض الجوانب اللغوية في بضع قصائد ديلان**

تتكون هذه الدراسة في ثلاثة مباحث، و تتخذ بعض الجوانب اللغوية في بضع قصائد من ديوان الشاعر ديلان، كى تبين قدرة و تمكن الشاعر من اللغة في مستويات ثلاث، منها المستوى الصوتي، و القواعد و من ثم التداولية،فامامن الناحية الصوتية استفادة من جوانب عدة كالنبرة وكالتنغيم لتشكيل وحدات دلالية جديدة ذات تركيب صوتي متصل لآيصال معاني جديدة,وهذا بدوره يأثر على القواعد من ناحية تراكيب الجمل,وأما في ناحية التداولية فبرع الشاعر في استعمال الكلمات والمصطلحات تداولياً وهذه الدراسة هي محاولة ليبين ما صنعه الشاعر في كل مستوى من هذه المستويات على حدة بحسب النماذج من الابيات الشعرية له.بعدها قدم الحواشي و الملاحظات، وأخيراً قائمة بأهم المصادر التي أفادت الدراسة.



## Some linguistic Aspects in Dilan's Poems

The current study is comprised of three chapters tackling some linguistic aspects in Board of Sirius Dilan's poems. The study is to explain the composer's linguistic ability on three levels including vocal ability, grammatical and pragmatic capability. The research is backed by samples from Dilan's poem as an attempt to shows what Dilan could achieve on the three mentioned linguistic level. After all we represent the notes and the Sources, which helped the research.